دادگای فیدرالی پەسندکردنی سکاڵاکەی یەکێتی سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دواخست



ئەمڕۆ یەکشەممە (3ـی کانونی یەکەمی 2023) بڕیاری شەشەم دادگای فیدرالی عێراق پەسندکردنی سکاڵاکەی یەکێتیی سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دواخست، کە پەیوەستە بە کورسیی پێکهاتەکانەوە.

سکاڵاکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر پێنج ماددەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان تەمارکراوە کە تایبەتن بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان و کورسی پێکهاتەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن و تەماری دەنگدەران، لەسەر سەرکەی پەرلەمانی کوردستان ڕەواز فایەق، سەرکەی حکومەتی کاربەدەست مەسرور بارزانی و سەرکەی هەرێم نێچیرڤان بارزانی تەمار کراوە.

هەروەها ئامانج نێجیب ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی سکاڵایەکی هاوشێوەی تەمار کردووە و دادگای فیدرالی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە بڕیاردان لەسەر هەردوو سکاڵاکەی دواخست.

بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی موتەبەع، یەکێتی سکاڵای لەسەر ماددەکانی یەک، نۆ، پازدە، 22 و 36ـی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی 1992ـی هەموارکراو تەمار کردووە و داوا دەکەن دادگا یاسایی هەموارمراوەکان هەڵبوەشێنێتەوە.

دیاترین ئامانجی سکاڵاکەی یەکێتی، کورسیی پێکهاتەکانە کە یەکێتی پێی وایە ئێو کورسییانە بە

نوێنەرایەتیکردنی هاستەقینەی پێکهاتەکان نەبوون و پارتی لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاری هێناون و سوودی لێ وەردەگیرێت.